بەرگی یەکەم

# ئینسایکلۆپیدیای گشتی



پاسین صابر صالح

166 45

چاپی دووەم

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: ئینسایکلۆپیدیای گشتی - بەرگی یەکەم
یاسین صابر صالح
تایپۆ مۆنتاژ: جەمال دەروێش
تیراژ: ٣٠٠٠ دانە
نرخی هەرسێ بەرگەکە پێنجا هەزار دینارە
ژمارەی سپاردن: ١٤٢٤ی ٢٠٠٩
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی دووەم - کوردستان - سلێمانی
www.serdam.org

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

# ئینسایکلۆپیدیای گشتی

ئەم بەرگە بریتییە لە پیتەکانی




Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

## پێشەکی:

لە جیاکردنەوەو ناسینی نەتەوەو کۆمەڵگاکاندا.. زمان دەبێتە یەکەمین ناسنامەی نەتەوە، و لایەنێکی گرنگی ڕۆشنبیریە، و شێوازی لەیەکگەیشتنو گەیاندنی بیر، و ئامرازێکی دەربڕینی هەستو سۆزو ئارەزووە. هەروەها بەرهەمێکی شاکاری ژیاری مرۆڤیشە، کە ئێمەی لە ناژەڵ جیاکردۆتەوە. جوانی زمانیش لە شێوازە نەدەبیەکاندا دەگاتە لوتکەی بەرزو کاردەکاتە سەر هەستو سۆزی مرۆڤ.

هەموو نەتەوەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە، لە پێناوی خزمەتکردنو گەشەکردنی زمانو کلتوورەکەیدا.. هەنگاوی گەورەی ناوە، تاکو لە کاروانی ڕۆشنبیری نەتەوەکانی تری جیهان دوانەکەوێتو دانەبڕێت. زمانو ئەدەبیش وەکو هەموو شتێکی تر.. پێویستی بە پێشخستنو چاککردن هەیە، بە هۆی کۆششو هەوڵدانی نووسەرانو خەمخۆرانیەوە.. ڕۆژ بە ڕۆژ پێشدەکەوێتو دەوڵەمەندتر دەبێتو گەشەدەکات. تاکو باش خزمەت بکرێت، باشتر پەردەسێنێتو بەرزدەبێتەوە. بە پێچەوانەشەوە گەر فەرامۆش بکرێت.. دوور نییە لەناونەچێتو کوێر نەبێتەوە، و زمانێکی بەهێزی تر جێی نەگرێتەوە. هەر نەتەوەیەك بایەخو نرخی زمانەکەی خۆی بزانێت، و جگەرسۆزی بکات بۆ پێشخستنی.. نەك هەر لە فەوتان ڕزگاری دەکات.. بەڵکو دەبێتە زمانێکی بەهێزی زیندوو، و هەمیشە بە نەمری ئەمێنێتەوە. هەروەها زمان ناسنامەی ئەو گەلو نەتەوەیەیە، کە قسەی پێدەکات، و یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان، و تاکە ئامرازێكو فاکتەرێکی گرنگی دروستبوونی نەتەوەیە، کە پێی دەناسرێتەوە، و لەوانی تری جیادەکاتەوە. دیسان زمان بە بەردێك لە بناغەی دامەزراندنی شارستانێتی دادەنرێت، وەکو (جۆرج سارتۆن) دەڵێت (چەند بیری لێبکەیتەوە، و میشکی خۆت ماندوو بکەیت، ڕەنگە بتوانی بیسەلمێنیت کە شارستانێتی بەبێ خوێندنو نووسین دێتەدی، و مرۆڤیش دەتوانێت ماوەیەك لە ژیانی خۆیدا بەبێ خوێندنو نووسین بژی، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەو ماوەیە بەبێ بوونی زمان بەسەربەرێت، چونکە زمان بناغەی دامەزراندنی شارستانێتییە، و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبێتە خۆراکێکی بە پیتو وزەی ئەو شارستانێتییە)[١].

بۆ پێشخستنی زمانو کلتور.. گەلێ ڕێگا هەیە، یەکێك لەوانە پێکهێنانی ئینکسلۆپیدیایە (دائرة المعارف- موسوعة)، کە بواڕێکی زۆر گرنگو ڕۆشنە، هەموو جۆرە بابەتو زانیارییەك دەگرێتە خۆی. ڕووی گەشو ئاستی ڕۆشنبیری ئەو نەتەوەیە دەردەخات. واتە بریتییە لە شێوەیەکی بانکی زانیاری، کە بواڕی پسپۆڕی جیاجیا.. لەخۆدەگرێت. ئەو ڕاستییانەش کە لە ئینسکلۆپیدیادا تۆمارکراوە.. ڕاستییەکی زانستییە.

«مامۆستا کەمال جەلال غەریب دەڵێت: (دەرکەوتنی ئینسکلۆپیدیا لە میللەتێکدا، بە ڕووداوێکی گرنگ لە میژووەکەیدا دادەنرێت، چونکە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێگەیشتنی ڕۆشنبیری ئەو میللەتە دەردەخات) هەروەها دەڵێت: (ئینسکلۆپیدیا ئەو کتێبانەن کە ڕاستییەکانو ڕووداوەکانو زانستییەکانی زانیاری مرۆڤایەتی دەگرنەخۆ.. دەتوانێت وەڵامی خێرا بۆ هەندێك پرسیار بداتەوە، دەیەوێت ببێتە سەرچاوەیەك بۆ هەموو ئەو زانستیانەی کە خوێنەر دەیەوێ).

دیسان دەڵێت: (لە دانانی ئینسکلۆپیدیادا هەوڵدراوە کە هەموو شتێك بێت بۆ هەموو کەسێك. ئەو ئەرکەی کە دراوە.. مەزنە، بەڵام ئەنجامەکەی نازانرێت. کەس نازانێت کە کاری تایبەتی ئینسکلۆپیدیا بەسەر بیروڕاو ڕەفتاری مرۆڤێکی تایبەتیدا چییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین هیچ چارە نییە، دەبێت ئینسکلۆپیدیا کاربکاتە سەر خەڵك)[٢].

گەلە پێشکەوتووەکانی جیهان، بابەخێکی زۆریان داوە بەم لایەنە گرنگە، و لە هەموو بوارەکاندا چەندین ئینسکلۆپیدیای تایبەتیان داناوە. کەچی تاکو ئێستا گەلی کورد بۆی نەڕەخساوە تا وەك ئەوان هەنگاوی سەرکەوتووانە لەو بوارەدا بنێت.

بێگومان نووسینو دانانی ئینسکلۆپیدیا.. شتێکی سووکو ئاسان، و کارو کردەی تاکەکەس نییە، بەڵکو کارێکی



Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

زۆر گران‌و دژوارە، و هیمەت‌و هەوڵی چەندین کەس، و لیژنەی پسپۆری دەوێت، لە وڵاتانی دنیادا لە لایەن چەندین لیژنە‌و پسپۆرو زانایانەوە ڕێکدەخرێت، و پێویستی بە سەرچاوەی فراوان‌و توانای مادی‌و مەعنەوی هەیە، کە دەبێ بۆی بخرێتە بەردەست. ئەم ئینسکلۆپیدیایەی لەبەردەستدایە.. هەموو شتێك نییە، بەڵکو ئەمە بەشێکی زۆر زۆر کەم‌و بچووکی بواری ئینسکلۆپیدیای جیهانییە، کە جگە لەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیادبوون‌و گۆڕان‌و گەورەبوونداید.

ئەم ئەرکە گرانەش.. کە من گرتوومەتە ئەستۆی خۆم (کە بە تەنها کەسێك تەواو ناکرێت).. بە فرمانێکی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی پیرۆزی دەزانم. ئەوەی لە توانامدا بووە.. خستوومەتە پێناوییەوە. و مەبەستیشم تەنها خزمەتکردنی نەتەوەکەمە. چونکە هەڵەم‌و چەك، ئەمڕۆ گرنگترین ڕابەرن بۆ سەلاندنو سەندنی مافی چارەی خۆنووسین. لەبەرئەوە خۆم زۆر بە بەختیار دەزانم کە ئەو هەرزو نەرکەی سەرشانم جێبەجێ بکەم. ئەگەر بەم کارەشم توانیبێتم بەردێك لە بناغەی پرۆژەی پێشخستن‌و گەشەکردنی زمانەکەم هەرهەنگی کوردی دابنێم.. ئەوا زۆر شادمانەم‌و شانازی پێوە دەکەم. هەرچەندە کارێکی بچووکیش بێت. بەڵام لەلای خۆم زۆر گەورەیە، و بە ئەرکێکی مرۆڤایەتی‌و نەتەوایەتی سەرشانمی دەزانم.

داواکارم لە هەموو هاوزمان‌و خوێندەوارێکی کورد.. کە ئەم بەرهەمەم وەکو دیارییەکی بچووکی ڕێگای خەبات ڕۆشنبیریمان لێوەربگرێت. هەرچەندە بێ کەموکوڕیش نابێت، بەڵام هیوادارم ئەوە بزانن، کە ئەمە لە ئەنجامی هەوڵ‌و ماندووبوونێکی زۆری چەندین ساڵە بەرهەمە هاتووە. ئەگەر هەڵەیەکیشی تیابێت.. تکام وایە بۆم ڕاست بکەنەوە، و لێم ببوورن، چونکە کارێکی وا سەختو بە تەنیا باڵ.. بێ هەڵە نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە سنگ فراوانە، بۆ هەر ڕەخنەو بیروبۆچوونێکی جوانی بەڕێ‌و جێ، کە هیودارم بێبەشمان نەکەن لێی.. ئەك ڕەخنەی تێکدەرانە.

**یاسین صابر صالح**

١ جورج سارتون.. تاریخ العلم.. الجزء الأول ص ٤٣.

٢ ئینسکلۆپیدیا چییە؟ کەمال جەلال غەریب، ل ٢ و ٦٣ و ٨٠ و ٢٠١.



Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library